سەید حەکیم گرنگی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاپشتی کردنی گۆشەپەدان و سەقامگیری دووپات دەکاتەوە و داوای هاریکاری و فرەکردنی ئابووری عیراق دەکات



بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانیتی هەزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا چاوی بە بەڕێز دکتەر محەمەد غولام ئیسحاق ڕێکخەری نەتەوە یەك گرتوەکان و بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە لە عیراق کەوت.

سەماحەتی گوبیستی باسکی تیروتەسەل بوو لەسەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ولات و دووپاتی کردەوە کە ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە شان بەشانی چەندین ڕێکخراوی دیکە کە لە عیراق کاردەکەن زۆر گرنگە بە پاپشتی کردی ڕەوەکانی گۆشەپەدان وسەقامگیری لە عیراقدا.

بەڕێز حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە عیراق ڕووبەڕووی تەحدایەکی ئابووری و کۆشوەوا دەبێتەوە کە پێویستی بە هەماهەنگی و یەکخستنی هەوڵەکان هەیە بەشێوەیەک کە لەگەڵ قەبارەی ئەو ڕکابەریانە بگونجێت، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی دووركەوتنەوە لە دەوڵەتی تاکە داهات کرد، ئاویش لەڕێگەی چالاککردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان بەتایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و گەشتیاری کردەوە بەشێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت بە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی ئابووری نیشتمانی.